# یەکێتیو پارتی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان, یەکیان گرت!

ئاسۆ غەریب

ناسونالیزمی دەسەڵاتداری عەرەب، هەرکاتێك لاوازبووە گفتوگۆی هێناوەتە پێشو کە هێزیشی پەیدکردووە, سەرکوتی ئاواتو خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانو تەنانەت ناسیونالیزمی کوردیشی کردووە. ئەمە پەیوەندی هەمیشەیىو مێژوویی نێوان ناسیونالیزمی سازشکاری کوردو ناسیونالیزمی شۆڤێنی عەرەب بووە, کە لەبەرئەوەی ناسیونالیزمی کورد لەزۆر ڕووەوە لەژێر کاریگەری رەوتی ناسیونالیزمی عەرەبدا ڕسکاوەو هاوزای ئەو بووە، ئەو تایبەتمەندیەشی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.

لەسەرەتای دروستبوونی کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو ئەوەی ئێستا بووە بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان, واتە لە (1964)ەوە تا ئەمڕۆ, پەیوەندی نێوان ئەو دوو باڵە لەبزووتنەوەی کوردایەتیدا لەبازنەیەکی بەتاڵدا سوڕاوەتەوە, شەڕ ← ڕێکەوتن ← شەڕ ←. واتە هەر کاتێك بەرژەوەندیەکانیان کەوتبێتە بەر مەترسیو دوژمنێکی هاوبەش یان دوژمنێکی خاریجییان لەبەرامبەر خۆیاندا دیبێتەوە، یەکیان گرتووەو ئەو هەموو تەشهیرو کوشتارو جنێوەیان فەرامۆشکردووە کە دەرهەق بەیەکتر کردوویانەو, کاتێکیش دوژمنەکەیان نەمابێت, جەولەکی نوێی شەڕیان دەستپێکردووە.

پارتیو یەکێتی دوای شەڕێکی خوێناوی درێژماوەو دوای لێکترازانو جیابوونەوەیەکی فراوانو هەمەلایەنەو لەئاکامی چەندین کۆبوونەوەو کێشەوبەرە ... سەرەنجام جارێکی دیکە تەوافوقیان کرد. بەڵام دووژمنی هاوبەشی ئەمجارەیان لەدەرەوەی سنوورەکانی کوردستان نیە، بەڵکو خودی خەڵکی کوردستانە. بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو راستیەش با جارێ چەند قسەیەك لەسەر ئەو پرۆسەیە بکەین کە ئەوان لەسەری ڕێککەوتوونو بەناڕەوا پێیدەڵێن هەڵبژاردن.

هەڵبەت هەڵبژرادنو دامەزراندنی حکومەتو دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە مافێکی رەوای خەڵکە, کە عێراقییەکان بەهۆی بەرچاو تەنگیو نادیموکراتیبوونی حزبە سیاسیە بۆرژوازییەکانەوە، لێی بێبەشبوونو هەمیشە دامەزراندنو ڕێکخستنەوەی حکومەتەکانی عێراق لەسەرەوەو لەسەر سەری ئەوان بووە.

ڕووخانی ڕژێمی صەدام یەکێك لەو فرسەتە زێڕینانە بوو کە بواری کردەوە بۆبەشداری خەڵك لەو پرۆسەیەدا. ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەر بەتەنها ڕووخانی حکومەتێكو ڕۆیشتنی دەستەو دایەرەیەك نەبوو, بەڵکو سەرەتای دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێش بوو لەژیانی سیاسی کۆمەڵگەی عێراق. بەشداریکردنی خەڵك لەدیاریکردنو رەسمکردنی ئەم دەورە نوێیەداو هەروەها بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی واقیعی, مەسەلەیەکی زۆر گرنگو چارەنووسسازبوو. بەڵام ئەوە ئەگەر بۆ خەڵکی عێراق بەمانای پێشرەوی بێت, بێشك بۆ ئەمریکاو ئەو هێزە سیاسییانەی کە دەیانەوێت لەپاشخوانی ئەو بخۆن, بەمانای شکستو پاشەکشەیەو هەرچی هەیانە دەیخاتە سەر لەپی ڕەشەبا. ئەوانە نەیانویستووەو نایانەوێت هیچ ئاڵوگۆڕێك لەناو خەڵکەوە دەستپێبکات، نایانەوێت خەڵك لە سەر شانۆی سیاسی ئەم وڵاتە ڕۆڵببینێتو خەڵکیان تەنها وەك تەماشاکەری شانۆگەرییەکانی خۆیان دەوێتو تەنها بۆ دەنگدانو شەرعیەت بەخۆدان دەگەڕێنەوە بۆ لای خەڵك.

ئەمرۆ عێراق (بەدانپیانانی خودی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا) هێشتا لەحاڵی شەڕدایە, بارودۆخێکی لەو جۆرە بەتایبەتی لەرووی ئەمنیەوە بۆ هەڵبژاردن نەشیاوو نەگونجاوە. وە هیچ زەمینەسازیەکی سیاسی لەئاستی کۆمەڵایەتی‌دا بۆ هەڵبژاردن نەکراوە, ئەوەی کراوە لەئاستی دەسەڵاتدایەو بۆدابەشکردنی دەسەڵاتو ئیمکاناتە، هێشتا هیچ هەڵبژاردنێك بەڕێوە نەچووە بەئاشکرا لەنێوان هێزەکانی سەر بەئەمریکادا باسی تەوافوقو کورسی دابەشکردن دەکرێت, هیچ بەرنامەیەکی هەڵبژاردنیش لەئارادا نیە, کەس نازانێت دەنگ بەچی بداتو کام لیستو کاندیداتۆر بەرژەوەندییەکانی نوێنەرایەتی دەکات... یان بەزۆرەملی خەڵك والێدەکەن کورد بەکوردو شیعەو بەشیعەو سونەو بەسونەو...تاد دەنگ بدەن, ئایا شیعەیەكو سونەیەكو کوردێكو عەرەبێكو تورکمانێك هیچ بەرژەوەندییەك بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی هەریەکەیان حکومەتی خۆیان دانەمەزرێنن؟ بۆچی عێراق یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوان هاووڵاتیەکانی نەبێت، بۆچی یەکێتی نێوان چەند دژایەتیەك بێت؟ یان بۆچی حزبەکان لەسەرەوە رێکدەکەون بەڵام خەڵك لەخوارەوە رێکناکەوێت؟ کە لەڕاستی‌دا هەموو کێشەکان حزبەکان لەسەرەوە دروستیان کردووەو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا خەڵکیان بەسەر نەتەوەو ئاینو مەزهەبەکاندا دابەشکردووەو پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئەم وولاتە خەریکە دەگۆڕنو دەیانەوێت وێنەی وولاتێك بکێشن کە نەچینەکانو نەم ململانێی چینایەتی تێدانیە. ئەمە مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر ئایندەی عێراقو هیچی لەسەرکوتو دیکتاتۆریەتی صەدام کەمتر نیە چونکە ئەم کۆمەڵگایە دەیان ساڵ دەباتە دواوە.

ئەمریکا دەمێکە لەسەر ئەوە ساغبووەتەوە کە نەیەڵێت ئەم وولاتە پێشبکەوێت, پێشکەوتنی ئەم وولاتەو گەشەکردنو دەرکەوتنی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان هەم لەعێراقی پڕ نەوتو هەم لەناوچەی دەوروبەری عێراق کێشە بۆ ئەمریکا دەنێتەوە, بۆیە ناچارە بۆ یاسای رێکخستنەوەو بەڕێوەبردنەکەی پەنابەرێتە بەر گۆڕستانەکانو یاسا کۆنەکان زیندووبکاتەوە.

ئەو مەرجانەی کە دیاریکراون بۆ خۆپاڵاوتن بەتایبەتی بەستنەوەی مافی خۆپاڵاوتن بە سەرمایەو بڕوانامەوە, رێكو ڕەوان بۆئەوەیە رێگا لەبەشداری چینەکانی خوارەوە بگرنو بێ‌بەشکردنی حزبو رێکخراوو ڕووناکبیرانی سەر بەوانە. جگە لەوەی بەستنەوەی خۆهەڵبژاردن بەمولکایەتیەوە پاشماوەی سەدەی هەژدەهەمەو بۆ ئەم سەردەمە تەنانەت بەپێوانەی بۆرژوازیش دواکەوتووانەیە, ئەوانە تەنانەت بۆ حزبەکانی خۆشیان نایانەوێت ماوەیەکی درێژ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن, لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ڕووی راستەقینەیان لەپرۆسەی پروپاگەندەی درۆزنانەدا ئاشکراتر دەبێتو ریسواتر دەبنو لەلایەکی تریشەوە داخوازییەکانی خەڵك دەبنە باسو خواسی هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانو ئەمەش بەقازانجیان نیە.

هەڵبەت دانانی بەرنامەی هەڵبژاردن یەکێك لەمەرجەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە, بەڵام خستنەڕووی ئەو بەرنامانە خراوەتە کاتێك کە بەهۆی کڕینی دەنگەکانەوە دەنگدان بەر لەوە بڕاوەتەوەو بەهۆی تەوافوقاتی ژێربەژێرەوە پرۆسەی هەڵبژاردن فازی واقیعی خۆی بەجێهێشتووە.

لەبارودۆخێکی لەو بابەتەداو بۆ ئەو هەڵبژاردنە پارتیو یەکێتی یەکیان گرتووە، ئەویش نەك لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خەڵك وەك خۆیان ئیدعادەکەن، بۆ ئەوەی هاوسنگی نێوان خۆیان رابگرنو بەیەکیشەوە لەبەرامبەر دەنگی خەڵکی کحوردستاندا راوەستاو بمێننەوە.

ئێمە باسی ئەوە ناکەینەوە کە ئەو دوو حزبە لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتیو حزبی خۆیاندا چییان بەیەکترو بەخەڵکی کوردستانیش نەکرد, تەنها باسی ئەوە دەکەین کە ئەم دوو حزبە سەرەڕای ئەو هەموو داخوازییەی خەڵك, ئامادەنەبوون دەست لەدابەشکردنی کوردستان هەڵگرنو ئیدارەکانیان بکەن بەیەك, هەر لەپێشەکی ئەم هەڵبژاردنەدا کێویێك پارەیان بەخشیوەتەوە لەدژی یەکتر, هەر لەمۆنیکای سەرەك هۆزەکانەوە بگرە تا کردنەوەی فەوجەکانو زەوی دابەشکردنو پێدانو دابەشکردنی سانتیو فلَچەی دەمودانو بەسەر خوێندکاراندا.... چۆنە وارێککەوتن بەیەك لیست دابەزن؟!

بۆئاستی سەراسەری بیانوویەکیان هەیە کە ئەگەر یەك لیست نەبن ناتوانن کورسیەکانی خۆیان لەبەغداد بپارێزن, ئەگەرچی ئەمە بەهۆی پەرۆشیەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد وەهمێکی لەلای خەڵكو تەنانەت لەلای هەندێك لەچەپەکانیش دروستکردووە گوایە ئەوە لیستی کوردەو دەنگ بەکورد دەدەن! کە لەراستیدا ئەوە دەنگدانە بۆ پارتیو یەکێتی, دەنگدانە بۆجێخۆشکردنی کورسەیەکانی ئەوان لەبەغداد, هەر ئەو پارتیو یەکێتیەی کە هیچ کاتێكو بەتایبەتی ئەم ساڵو نیوەی ڕابوردوو ئامادە نەبوون پێچکەی هیچ کام لەکورسیەکانیان لەپێناوی چارەسەری مەسەلەی کوردا بلەرزێت, ئەوانە کە دەیانتوانیو هەموو خەڵکی کوردستانیش پشتیوانی دەکردن کەداوابکەن هەڵبژاردن بکەوێتە دوای چارەسەری مەسەلەی کوردستان, دەبوایە بەڕەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کوردستان یەکێك لەو هێڵە سورانە بوایە کە حکومەتی ئایندەی عێراق تەنانەت ئەگەر عەرەبی شۆڤێنی یاخود ئیسلامی– قەومیش بێت نەتوانن بیبەزێنن. بەڵام لەکاتێکدا کە غازی الیاوەر تەنانەت باسکردن لەمافی جیابوونەوی کوردستان لەریفراندۆمێکدا (نەك خودی جیابوونەوەکەش) بەخیانەتی نیشتمانی لەقەڵەم دەداتو بەئاشکرا ئەو مافە لەخەڵکی کوردستان زەوت دەکات، ئەوان خەڵك بۆ ئەو هەڵبژاردنە پەلکێش دەکەنو مەسەلەی کوردستان جارێکی دیکە دەخەنە ساتو سەوداوە.

پارتیو یەکێتی نەك هەر ڕێگا نادەن خەڵکی کوردستان مومارەسەی مافی خۆی بکات لەناوەند, بەڵکو تەنانەت لەکوردستانیش ڕێگا لە هاتنە مەیدانی خەڵكو هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکان دەگرنو ئەم ڕێکەوتنە بەرەنجامی ئەوەیە.

هەموومان دەزانین ئەمڕۆ لەکوردستان ناڕەزایەتی قووڵو توند هەیە لەسیاسەتو فریوکارییەکانی یەکێتیو پارتی, بێزاری هەیە لەدوو ئیدارەییو لە دابەشکردنی کوردستان، ناڕەزایەتی هەیە لە هەڵلوشینی سەروەتو سامانی ئەم کۆمەڵگایە, نەفرەت هەیە لە تێکەڵکردنی حزبو حکومەت, نەفرەت هەیە لەشەڕی ناوخۆو..تاد، ئەوانەی ئاوارەبوون, ئەوانەی گیراونو ڕاوەدوونراون, کەسوکاری ئەوانەی تیاچوونو ئەوانەی مافیان خوراوە, ئەوانەی بەهۆی دەنگەکانیانەوە 13ساڵ دەسەڵاتی ناڕەوا بەڕێوەچوو, بەگیان هاتوون. خەڵك بەگیان هاتوون لەوەی کە پەرلەمانی بەناو کوردستان 13 ساڵە تاکە یەك مەسەلەی پەیوەندیدار بەبەرژەوەندیەکانی خەڵکی تیادا نەورووژاوە. تەنانەت ئەو پەرلەمانتارانەی حزبەکانی تریش کەپارتیو یەکێتی بۆ ڕتوشکردنو جەوخۆشکردن بردوویان, نەیانتوانیوە بابەتێك بورووژێنن. بەکورتی ئەمڕۆ لەکوردستان دەنگی ڕەسای خەڵکی بەدژی پارتیو یەکێتی بەرز دەبێتەوە, بۆیە پارتیو یەکێتی بەو هەموو ئیمکاناتە ماددیو سەربازییەی خۆیانو بەکەڵکوەرگرتنی

تەواو لەخەزێنەی حکومەتەکانیانو بەپشتیوانی مالی حکومەتی عێراقو بەو هەموو پارەیەش کە ئەمریکا دەیخاتە سەر حسابەکانیان هێشتا دلنیانین لەوەی دەنگی زۆربەی خەلك بەدەستبهێنن ئەگەر بەیەکەوە نەبن.

جگە لەوەی کە ئەمریکاش پێی خۆش نیەو نایەوێت هاوسەنگی نێوان پارتیو یەکێتی لەکوردستان تێکبچێت. ئەوان دلنیان ئەگەر تەحالوف نەکەن هاوسەنگی نێوانیان تێکدەچێتو ناچاردەبن وەك 92 لەسەر ئەنجامی هەلبژارن شەر بکەنەوە، واتا ئەوان مافەکانی خەلك دەکەنە بارمتەی رێککەوتنی خۆیان، بۆئەوەی نەلەبەغداو نەلە کوردستانیش هیچ دەسەلاتێکیان لەدەست نەچێت. ئەگەر وانەکەن بەتایبەتی لەکوردستان، لەدەرەوەی خواستو ئیرادەی ئەوان کەسانێك بەهۆی دەنگی خەلکەوە دەچنە پەرلەمانو ریسی نادیموکراسی ئەوان دەکاتەوە بەخوری.

پارتیو یەکێتی بۆئەوەی یاسای پەنجا پەنجای نێوان خۆیان ڕاگرن هاتوون لیستەکانیان کردووە بەیەك بۆ ئەوەی خەلك دوور بخەنەوە لەبەشداریکردنی واقیعی, رێککەوتوون لەسەر دابەشکردنەوەی دەسەلات بەمەرجی ئەوەی هەریەکەیان چەند حزبێکی برا بچووکی خۆی بەشداربکات. کە ئەمە ئیتر نەك هەر هیچ دیموکراسییەتێکی تێدانیە, بەلکو گالتەکردنە بەهەلبژاردنیش. گالتە پێکردنە لەبەر ئەوەی لەسەر چیچ بەرنامەیەك رێکنەکەوتوونو تەنها بابەتی نێوانیان دابەشکردنی کورسیەکانە ئەویش لەسەر بنەمای هەلبژاردنەکانی 92و 98 کە بەدانپیانانی خۆیان پڕیبوو لە فریوکاریو تەزویرکردن، جگەلەوەی کەبارودۆخەکەش وە خۆی نەماوەتەوەو بەزیانی ئەوان زۆر ئالوگۆری بەسەردا هاتووە.

***ئێمە دەبێت چیبکەین؟***

ئێمەی کۆمۆنیستو چەپو پێشکەوتنخوازەکان, دەبێت بۆ رێکخستنو رێزلێگرتنی ئەو دەنگانەی لەکوردستان بەدژی سیاسەتو مەرامە دژی خەلکیەکانی پارتیو یەکێتی بەرزبوونەتەوە, بۆرۆشنکردنەوەو بانگەشەکردنو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەلك. لەپێناوی زەمینە خۆشکردن بۆ پێشخستنی کۆمەلگاو کردنی کوردستان بە کۆمەلگەی هەمووان, بۆ چارەسەری واقیعیانەی کێشەی کوردستانو ڕزگارکردنی ئەم کێشەیە لەساتو سەودای بۆرژوا–ناسیونالیستەکان, بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ئاوارەییو کێشەی بێخانەو لانەیی, بۆ عەدالەتی کۆمەلایەتیو کۆتاییهێنان بەو جیاوازییە گەورەو کوشندەیەی لەنێوان کاربەدەستانو خەلکی ئاساییدا هەیە... پێویستە بێینە مەیدانو هەلوێستو شوێنی سەربەخۆی خۆمان دیاری بکەین. پێویستە ساتو سەوداو فریوکاریو بازاڕی کڕینو فرۆشتنی دەنگەکانو مامەلەگەری بەکورسیەکانی پەرلەمانەوە ئاشکراو ریسوابکەینو خەلکی کوردستانیان لەدژ هانبدەین. ئەوان بەسەروەتو سامانێکەوە کڕینو فرۆشتن دەکەن کە هی خەلکەو لەدەمی خەلکیان گرتووەتەوە, ئەو سەروەتو سامانە پێویستە لەڕێگای سروشتیو ئاساییەوە واتە لەڕێگای زیادکردنی کرێو مووچەو لەڕێگای بیمە کۆمەلایەتییەکانو خزمەتگوزاریەکانەوە بەسەر خەلکدا دابەشبکرێت نەك بکرێتە پێش مەرجی کڕینی دەنگەکانیان.

2004/12/8